پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمانیکرد بە دروستکردنی مزگەوتەکان لە گەڕەکەکاندا، وپاک بکرێنەوە

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمانیکرد بە دروستکردنی مزگەوتەکان لە گەڕەکەکاندا، وپاک بکرێنەوە، وبۆن خۆش بکرێن».

[صەحیحە] [ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمانیکرد بە دروستکردنی مزگەوتەکان لە گەڕەکەکاندا، واتا هەر گەڕەک وناوچەیەک مزگەوتێکی تێدا بێت، وپاک بکرێنەوە وپیسی وشتی بۆگەنی تێدا لابرێت، وبپارێزرێت، وبۆنی خۆشی تێدا بڵاو بکرێتەوە وەکو بخور وبۆنی خۆشی تر.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/10885